


# باخەڵ

جەلال بەرزنجی

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
چەقۆ دەربێنێ
هەشە دە ست بۆ باخەڵی دەبات
گوڵ دە ربێنێ
هەیە دەست بۆباخە ڵی دەبات
سیغار دە ربێنێ

هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
(داو) دەربێنێ
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
(ئەلقەی) پەنجەی بشارێتەوە

هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
قەڵەم رەنگ دەربێنێ
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
بۆ ئەوەی دەرینەهێنێتەوە
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
دار لاستیك دەربێنێ
هەیە دەستی دەخاتە باخەڵی
راپۆرتی سەر برادەرەکەی تەسلیم کات
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی



بۆ ئەوەی چەپڵە لێ نەدات
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
تۆپی ناکۆکی دەربێنێ بەئەرزی وەرکات
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
تۆپی( سێ درهەم) بایی دەربێنێ
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
سەعات دەربێنێ

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
شمشاڵ دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
بەردی دامە دەربێنێ
هەیەدەست بۆباخەڵی دەبات
نامەی دۆستەکەی لە هاوسەرەکەی بشارێتەوە
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
لە نیگەرانیان
هەشە دەست بۆ باخەڵی دەبات
قیبلە نامەکەی دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
چۆڵەکەیەك زیندانی کات
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
دەستەسڕ دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
تا تەوقە نەکات

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
وێنەی باوکی شەهید بووی دەربێنێ

هەیە دە ست لەباخە ڵی دەردێنێ
بۆ ئەوەی پانی کاتەوە

هەیە دەست بۆ گیرفانی دەبات
وێنەی منداڵەکەی دەربێنێ

هەیە دەست بۆ گیرفانی دەبات
لە سەرمان
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
پەنجەی بڕاوی بشارێتەوە
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
کتێبی گیرفان دەربێنێ

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
حەبی( ڤیاگرا) دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
ئاوێنە دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
قەڵەم دەربێنێ
بۆ ئیمزا کردن لە سەر تەنازول

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
چارەکێ عارەق دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
تا دڵنیا بێت کون نییە

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
قۆپیە دەربێنێ

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
بزانێ ئەو شەمامانەی دزیبوونی ماون
هەشە دەست بۆ باخەڵی دەبات

خوی پێوە گرتووە
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
نامەی لێپسراوێك دەربێنێ
بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندامی پەڕلەمان

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
نان و هێلکە دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
ئەو دۆلارانە سەفت کات
بێ مانووبوون لە رۆژێکدا دەستی کەوتوون
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەرپێی کوورتی ژێرەوە دەبات تا پارەی
قاچاغچی رێگەی یۆنان هەڵگرێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
بۆیاغی رەش بۆ سمێڵی دەربێنێ

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
نائومێدی دەردێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
گوڵە بەرۆژە دەردێنێ

هەیە دە ست بۆ باخەڵی دەبات
مێووژ دەربێنێ

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات ئەوەی ناو
دڵی دەربێنێ

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات

**ورده نانی ڕەق دەربێنێ**

**هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات**
**بڵاو کراوەی نهێنی دەربێنێ**

**هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات**
**(کۆندۆ) دەربێنێ**
**هەیە دەست بۆ باخەڵ دەبات**
**پاسپۆرتی وڵاتی دووەم دەربێنێ**
**ماچی کات**
**هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات**
**پاسپۆرتی وڵاتی دووەم دەربێنێ**
**فڕێ دات**
**هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات**
**فیشەکی ڕەحمەت دەربێنێ**
**هەیە دەست دەخاتە باخەڵی**
**کۆتری دزراو بشارێتەوە**
**هەیە  لە یەك کات دا**
**دەستی لە ناو**
**باخەڵی حکوومەت**
**و**
**باخەڵی   حزب**
**و**
**باخەڵی خەڵکە**
**بۆ ورگن کردنی باخەڵی خۆی**

**<u>پەراوێز:</u>**

**باخەڵ و مرۆڤ پەیوەندییێکی زۆریان هەیە کەسمان نییە ڕۆژانە دەستمان نەخەینە باخەڵمان باخەڵەکانیش جیاوازن ،نهێنی ناو باخەڵی هەر کەسێك لە گەڵ ئەوی تر جیاوازی هەیە،شتەکانی ناو**

باخەڵ زۆر جار کارەساتی گەورەیان بە سەر  خاوەنەکەی هێناوە منیش یادەوەری تاڵ و شیرینم لە گەڵ گیرفانم دا هەیە ، لە ساڵانی شەستەکان قوتابی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی (کۆرەك) لە هەولێر جارو بار دەستم دەبرد ناو گیرفانم مێووژم دەردێنا ، دوای وانەی (مام زۆراب) لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی حەزم چووبوو مێووژ بۆمەکتەب زۆر جار مێووژم دەخستە گیرفانم بە تایبەتی رۆژانی سەرمای وشکی زستان کەبرسیم دەبوودەمخوارد ئەزموونی تاڵیشم لە گەڵ باخەڵم دا هەیە یەکەمین  ئەزموونی تاڵم دیسان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کاتەی قوتابی سەرەتایی بووم ئەو کات لە رۆژانەکەی مەکتەبم هەمیشە هەندێك پارەم بۆ دۆڵدرمە ی ئێوارانی (حەمەد عەلی)  دەهێشتەوە ، ئەم ئیوارەش وەکو ئێوارەکانی تر چووم بۆ کڕینی دۆڵدرمە دەستم بۆ گیرفانم برد پارەکە نەمابوو دەستم گێڕا دیاربوو گیرفانم کون بووبوو پارەکەم لێ کەوتبوو ، یەکەم جار بوو رقم لە گیرفانی خۆم بێتەوە ئەو گەندەڵیەی ئەمڕۆی کوردستان کە زۆر بە بێ تامی دەکرێت ، پەیوەندی بە باخەڵەوە هەیە ، گرفتیش ئەوەیە هەندێك باخەڵەکانیان لێ تێکەڵ بووەوهەست دەکەن باخەڵی حکوومەت باخەڵی ئەوانەو تێر بوونیان نییە.

گەندەڵی ئەمڕۆی کوردستان تەنیا قسەی کەسانی بەرهەڵستکار و سوود نەدیوو نییە.

بوونی رەگی ئەم شیرپەنجەییە لە لەشی دام و دەزگا حزبی و حکوومیەکانی کوردستان لە سەر زاری لێپسراوە هەرە گەورەکانی هەردووحزبی خاوەن دەسەڵات دانی پیا نراوە دیارە هەست بەم مەترسییە کراوەو بیر دەکەنەوە چاکسازی بکەن.

رەنگە گەندەڵی لە ناو زۆر دام ودەزگای ولاتانی دنیادا هەبێت ، بەڵام چونکە جاریێ کوردستان وڵات نییە هەر لە قۆناغی شۆرش و بینا کردنەوە دایە وڵاتێکی پڕ لە برسی و مەغدوورو ماندوو لە بیر کراوە و رێگەیەکی زۆر دوورو پڕ زەحمەتیشمان  لە پێش ماوە لەو رێگەییە شۆرش پێویستی بە دڵسوزی و رێزو پشتگیری و هاریکاری خەڵکە بۆ بەدەست هێنای مافەکانی ، دوایش بوون بە وڵات گەر گەندەڵییەفەندی لێ بگەڕێ ، چونکە گەندەڵی خەڵك ماندوو بێ هیواو تورە دەکات و مۆڕاڵ ناهێلێ خەرەند لە نێوان (حکوومەتی حزبی) وخەڵك دروست دەکات بن کۆڵی دەکات بەرەو هەرەسی پێ هێنان لایتی سووری پشت تێکردن و بڕوا نەمانی خەڵك بە سەرکردەکانی  پیێ دەبێت و غەم و رقی خەڵك لە گەندەڵی زۆر لە سەرە خۆو روو لە ژوورەوەییە کە زۆر ترسناکە وەك و کارەبای داپۆشراوە وەك و ئەو تۆڕە بوونە و رقە نییە کە لە ئەنجامی داگیر کردن خەڵك لە داگیر کەرانی هەڵی دەگرێ  ، راستەو خۆو رووڵە دەرەوەییە بۆ یە هەرچی زووتر ئەم دیاردە قێزەوەنە نەمێنیێ چاکترەو لە دەست دانی هەندێك دەنگی خاوەن باخەڵ ورگ  کردوو باشترە لە  لە دەست دانی زۆرینەی خەڵك.خۆ ئەگەر کێشەکەش تەنیا کەڵەکە کردنی سامان و دوورکەوتنەوە بێت لە نیشتمان پەروەری و بوون بەبورغێکی کۆلەواری ئەو مەکینە زەبەلاحەی گڵۆبۆڵ ئەوە شتێکی ترەو بەبەردەوام بوون لە سەر ئەم رەوتە لەوە نزیکمان دەکاتەوە (بای ...بای )لەم دەرفەتەش بکەین

Ckfa_Barzanji@hotmail.com